# ئێمە پتر لە ٨٠٪ی خەڵکمان لەگەڵە!

## وەڵامێك بە وتەكانی كاك "مستەفا هیجری"

خالد سیادەت

- **_كاك مستەفا لە هیچ جێگایەك ناڵێ كە دژ بە شەڕی ناوخۆییە، ناڵێ كە لەگەڵ ناتەبایی سیاسی بە شێوەی دێمۆكراتیك و بە دیاڵۆگ دانوستان دەكا، دەڵێ هێزەكانی دیكە ئەوەندە گەورە نین كە پێویست بێ شەڕیان لەگەڵ بكەین! داخوا ئەگەر حیزبێكی رەقیب پەیدا بێ حیزبی ئاغای هیجری چۆنی لەگەڵ دەجوڵێتەوە؟ بە پێی ئەو مێتۆدە دیارە دەبێ شەڕی لەگەڵ بكا. حیزبە سیاسییەكانیش ئەگەر بیانەوێ لەگەڵ حیزبی دێمۆكرات تووشی شەر نەبن دەبێ حەول بدەن گەورە نەبنەوە. بەڵام مەسەلە ئەوەیە كە ئەگەر حیزبێك ببێ كە بچێتە رادەی رەقابەت لەگەڵ حیزبی دێمۆكراتەوە ئەو كات دیارە كە حیزبی دێمۆكرات ٨٠٪كەی نەماوە، ئاكامی ئەو شەڕە چۆن دەبێ؟! هەر بەرێز هیجری دەزانێ._**

سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کاک مستەفا هیجری رۆژی ٢٨_٠٢_٢٠٠٥ لەگەڵ رادیۆ زایەڵە کە لە سوید بڵاو دەبێتەوە وتووێژێکی کردووە کە جێگای سرنجە. بەتایبەتی لە بەر ئەوەش زۆر جێگای سرنجە چونکە ئەوە تازەترین هەڵوێستی سەرۆکی ئەو لایەنەیە لە حیزبی دێمۆکرات کە لە هاوینی رابودرووودا بە دەسەڵات گەیشتوون. کاک مستەفا هیجری باسی چەند مەسەلە، لەوانە کۆنفرانسی لەندەن لە سەر مەسەلەی میللەتان، کێشەی ناوخۆی ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات و ئەگەری هەڵگرسانی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستانی ئێران لە داهاتوودا دێنێتە گۆڕێ. لە راستیدا هەموو قسەکان جێی سرنجن، بەڵام لیرەدا هەر باسی هەڵوێستی سکرتێری گشتی حدکا سەبارەت بە ئەگەڕی شەڕی ناوخۆیی لە داهاتوودا لە کوردستان دەکەم.

سەرۆکی حیزبی دێمۆکرات لەپاڵ ئەوەدا کە دەڵێ لە رابوردوو تەجروبەمان وەرگرتووە، هۆی سەرەکی بۆ دوور بوونی ئەگەری شەڕی ناوخۆیی بەوە دێنێتەوە کە حیزبی دێمۆکرات لەوە گەورەترە کە هێزێك بوێرێ بە گژیدا پچێ.

کاك مستەفا هیجری دەڵێ پتر لە ٨٠٪ی خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی ٢٥ ساڵ لەوە پێش دەنگیان بە حیزبی دێمۆکرات داوە! ئێستاش نفووزمان بە نیسبەتی ئەوکات زیادی کردووە! ئەوەی کە حیزبێکی سیاسی بڵێ لە نێو خەڵکدا نفووزی هەیە، هەڵەیەکی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئاماری‌دا و باسی دەرسەدی کرد و ئەویش دەرسەدی ئاوا گەورە! ئەوجار جێگای بیر لێ کردنەوە و سرنجە.

ئەو هەڵبژاردنەی کە بەڕێز هیجری ئاماژەی پێدەکا نزیك بە ٢٥ ساڵ لەوە پێش کراوە کە:

١. بەشێکی زۆر لە باشووری کوردستان، یانی لە کرماشانەوە هەتا ئیلام، شائاباد، سونقوری کولیایی و لە باکووری کوردستان بەشێکی بەرچاو لە دەورووبەری ورمێ بەرەو سەر و لە رۆژهەڵاتی کوردستان شارەکانی ساین قەڵا، تیکاب، بیجار و گوندەکانی دەورووبەریان کە بەشێکی بەرچاویان کوردن هەر لە هەڵبژاردندا وەك کورد بەشدارییان نەبووە.

٢. کۆماری ئیسلامی نەیهێشت لە شارەکانی سنە، کامیاران، دیواندەرە، مەریوان، پاوەونەوسوود هەڵبژاردن بە سەرەنجام بگا. هۆیەکەشی ئاشکرا بوو، ئەویش ترسی ئەو رژیمە بوو لەوە کە کۆمەڵە لەو مەڵبەندە دەنگی زۆرتر دێنێتەوە کە ئەوە بە کۆماری ئیسلامی تەحەمول نەکرا!

٣. بەشێك لەو کەسانەی ئەوکات دەنگیان داوە ئێستا زیندوو نین، تاوەکوو وەك هێز حیسابیان لەسەر بکرێ.

٤. بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان کە ئێستا دەتوانن دەنگ بدەن ئەو کات یان لە دایك نەببوون یان تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە.

٥. بەشێك لە خەڵك دەکرێ بیر و رایان گۆڕابێ جا بە قازانج یان بە زەرەری حیزبی دێمۆکرات.

٦. ئەو کات رێکخراوی چریکە فیداییەکان لە دەنگدان بەشدارییان کرد، ئێستا ئەوان لە کوردستاندا پێگەیەکی بەرچاویان نەماوە.

٧. بە هۆی بارودۆخی کولتوری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم لە کوردستان، ژنان بە نیسبەتی رێژەیان لە کۆمەڵگادا بەشداریەکی بەرچاویان لە هەڵبژاردندا نەبوو. ئەگەر ئێستا هەڵبژاردنێك بکرێ بێگومان ژنان زۆر بەرچاوتر بەشداری دەکەن.

لێرەدا مەبەستی من ئەوە نییە کە سابیتی بکەم حیزبی دێمۆکرات ٨٠٪ یان ٩٠٪ یان لەسەدا چەندی خەڵکی بە گشتی لەگەڵە. بەڵکوو دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو ئیدیعایەی بەڕێز هیجری و ئەو ئیتیکایەی کە بە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ ساڵ لەوە پێش دەیکا چەندە هەڵەیە. لە روانگەی بەڕێز هیجرییەوە زەمان راوەستاوە، مرۆڤی زیندوو ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایە، مردووەکان و ئەوانەش کە لە دایك نەبوون بە لایەنگر حیساب دەکرێن.

بەڕێز مستەفا هیجری لە جوابی رادیۆ زایەڵەدا کە دەپرسێ "ئایا ئیمکانی شەڕ و پێکدادان لە نێوان حیزبی دێمۆکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکە هەیە؟" دەڵێ: "پێم وانییە شتێکی وا بێتە پێشێ چونکە حیزبی دێمۆکرات رەقیبێك لە بەرانبەر خۆیدا نابینێ کە پێویست بێ شەڕی لەگەڵ بکا". هەڵبەت دەڵێ "تەجرووبەشمان لە رابوردوو وەر گرتووە".

هەر ئەوەندە وەڵام دانەوە دەری دەخا کە بەڕێز هیجری هیچ تەجرووبەیەکی لە رابوردوو وەرنەگرتووە. ئەو لە هیچ جێگایەك ناڵێ کە دژ بە شەڕی ناوخۆییە، ناڵێ کە لەگەڵ ناتەبایی سیاسی بە شێوەی دێمۆکراتیك و بە دیالۆگ دانوستان دەکا، دەڵێ هێزەکانی دیکە ئەوەندە گەورە نین کە پێویست بێ شەڕیان لەگەڵ بکەین! داخۆا ئەگەر حیزبێکی رەقیب پەیدا بێ حیزبی ئاغای هیجری چۆنی لەگەڵ دەجولێتەوە؟ بە پێی ئەو مێتۆدە دیارە دەبێ شەڕی لەگەڵ بکا. حیزبە سیاسییەکانیش ئەگەر بیانەوێ لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات تووشی شەڕ نەبن دەبێ حەول بدەن گەورە نەبنەوە.

بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە ئەگەر حیزبێك ببێ کە بچێتە رادەی رەقابەت لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتەوە ئەو کات دیارە کە حیزبی دێمۆکرات ٨٠٪کەی نەماوە، ئاکامی ئەو شەڕە چۆن دەبێ؟! هەر بەڕێز هیجری دەیزانێ.

سەرۆکی حیزبی دێمۆکرات لە بیریشی چووە ئەوە بۆ بیسەرانی رادیۆ زایەڵە روون کاتەوە کە ئەو کات کە لەگەڵ کۆمەڵە شەڕی سەراسەری ساز کرا خۆ هەر چوار پێنج ساڵ بە سەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێپەڕیبوو کە بەڕێز هیجری دەڵێ ٨٠٪ی دەنگدەران دەنگیان بە حیزبی دێمۆکرات دابوو. ئەی چۆن بوو ئەو شەڕە ساز بوو؟ یان دەبێ حیزبی دێمۆکرات ٨٠٪کەی نەمابێ یان ئەو بەڵێنەی مستەفا هیجری کە دەڵێ ئەگەر ٨٠٪ خەڵك دەنگمان بدەنێ شەڕ ناکەین جێی متمانە نییە.

باشتر وابوو بەڕێز مستەفا هیجری لە جیاتی خەت‌ونیشان کێشان بۆ خەڵك و لە خەون وخەیاڵی ٨٠٪دا ژیان، سەروسامانێك بە وەزعی ناوخۆیی حیزبەکەی بدا، جا ئەو جار بە گرتنە پێشی سیاسەت و تاکتیکی گونجاو لە ئاست بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد تێبکۆشێ بۆ گەورە کردنەوەی حیزبەکەی تا بەڵکوو ببێتە ٨٠٪. ئەگەریش رێز دابنێ بۆ دەسکەوتە دێمۆکراتیکەکان هۆیەك بۆ شەڕی ناوخۆیی نییە، تەنانەت ئەگەر حیزبی گەورەش پەیدا ببێ.

حیزبی دێموکرات ئەگەر بیەوێ ببێتە حیزبێکی ئەوڕوپی و ئەگەر بیەوێ لەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێتەوە باشترە بە زمانێکی ئەوروپی‌تر قسە بکا. ئەو زمانە ٢٥ ساڵ لەوە پێشیش زمانێکی بە کەڵك نەبوو بۆ دانوستان لەگەڵ نەیارانی سیاسی و، تەنیا شتێکی کە لێی دەکەوێتەوە لێڵ کردنی فەزای سیاسی کودستانە.

٢٠٠٥_٠٣_٠٥